# ڕێگە ئەبڕم

1980/3/3

ڕێگە ئەبڕم بەرەو ئاوات
بەرەو لوتکە و بەرەو ماوات
ڕێگە ئەبڕم تا ڕزگاری
بەدی بێ و بشێ کاری
ڕێگە ئەبڕم بەرەو ئاسۆ
تا نەجات بی کوردی هەڵ
ڕێگە ئەبڕم بە دڕك و داڵ
نەجاتم بێ لە ژینی تاڵ
ڕێگە ئەبڕم بە بێ وچان
بە ماندووبوون بێ پشوودان
ڕێگە ئەبڕم بە دڵشادی
ئەڕوێنم داری ئازادی
ڕێگە ئەبڕم بەرەو کوێستان
بەرەو لانەی بلیمەتان
ڕێگە ئەبڕم تاکو لاوان
ئازادئەکەم لە نێو زیندان
ڕێگە ئەبڕم کە ئالأی کورد
بەرزبێ بەقەد کێوی هەڵگورد